# بانگەوازێک بۆ کوردەکانی هەرێمی یەڤلەبۆری لە سوێد

**خوشکی بەڕێزم**

**برای بەرێزم**

**سڵاوێکی کوردانە**

ڕۆژی ٩/١٧، ڕۆژی دەنگدانە لە وڵاتی سوێد بۆ ئەنجومەنی شارەوانییەکان، ئەنجومەنی هەرێمەکان و پەرلەمانی سوێد، بەڵام لە ڕۆژی ٨/٣٠ وە لە کتێبخانە گشتییەکان و چەند شوێنێکی تر خەڵک دەتوانن دەنگی خۆیان بدەن.

زۆر گرنگە بۆ هەموو لایەکمان وەک دانیشتووی ئەم وڵاتە بە پەرۆشەوە بە پیر ئەم پرۆسەی دەنگدانەوە بچین و نوێنەرەکانی خۆمان هەڵبژێرین.

من کە ئێستا لە شاری یەڤلە وەکو وەرگێڕێکی ڕەسمی کوردی/عەرەبی/سوێدی کاردەکەم، خاوەن خەباتێکی دوورودرێژم لە کوردستان و لە ساڵانی کیمیاوی و ئەنفالدا وەکو پێشمەرگە بۆ میللەتەکەم خەباتم کردووە. لە ساڵانی پێشمەرگایەتی بە ناوی (موهەندیس جەمال) ناسرابووم.

لە سوێدیش لە ڕیزەکانی پارتی گەلی لیبرالدا (Folkpartiet) درێژەم بە چالاکیە سیاسییەکانی خۆم داوە. ئێستاش ئەندامی دەستەی سەرپەرشتی خوێندن و بازاری کارم لە شارەوانی یەڤلە و لەلایەن پارتەکەمەوە کاندید کراوم بۆ:

- پەرلەمانی سوێد: لە جێگای چوارەمدام لە لیستەکەدا.
- ئەنجومەنی شارەوانی یەڤلە: لە جێگای پێنجەمدام لە لیستەکەدا.

ئەگەر دەتەوێت من ببمە دەنگی تۆ لە پەرلەمانی سوێد و ئەنجومەنی شارەوانی یەڤلە، ئەوا دەتوانیت لە هەڵبژاردندا دەنگی خۆت بە من بدەیت بە دانانی (✖) لەبەردەم ناوی مندا. پێکەوە دەتوانین ژیانی خۆمان باشتر و داهاتووی منداڵەکانمان مسۆگەر بکەین.

دەنگدانت بە من و پارتی گەل دەنگدانە بۆ گۆڕانکاری باشتر لە کۆمەڵگای سوێد و خزمەتیشە بە نەتەوەی کورد.

- ئێمە لە پارتی گەل دەنگێکین بۆ ئەوەی پارتی گەل دەستێکی یارمەتیدەر بێت بۆ باشترکردنی ئایندەی کوردستان.

- ئێمە لە پارتی گەل دەنگێکین کە لەسەر ئەوە پێدادەگرین کە کۆنسوڵگەری سوێد لە باشووری کوردستان بکرێتەوە و دەوڵەتی سوێد راستەوخۆ دانوساندن لەگەڵ باشووری کوردستان بکات.
- ئێمە دەنگێکین داوادەکەین کە یاسای بنەرەتی عێراق جێبەجێ بکرێت و پەرەگرافی ١٤٠ دەربارەی کەرکووک بە تەواوی جێبەجێ بکرێت.
- ئێمە هەمیشە دەنگی نارەزایی بوینە دژی چەوسانەوەی کورد لە بەشەکانی کوردستان و هەمیشە دژی پێشێلکارییەکانی دەوڵەتی تورکیا دەنگمان بەرزکردۆتەوە.

ئەگەر دەتەوێت پەیوەندیم پێوەبکەیت
تەلفۆن: 073-4176 777
ئیمەیل: ismail.osman@mail.nu
ماڵپەر: www.folkpartiet.se/osman

سوپاس بۆ هاوکاریتان

**براتان/ ئیسماعیل عوسمان**

**٢٠٠٦/٨/٢٠ یەڤلە/ سوێد**